# مۆدێرنیتیوهیرمنیۆتیکای ڕەخنەیی

**نیهاد جامی**

مۆدێرنیتیخەونیکۆمەڵگایەکیعەقلانیهەبوو ,کۆمەڵگایەك بتوانێ تەئویل بۆدیاردەژیاریوکولتوریەکان بکات , بۆیەبەدوای دەرکەوتنیکۆمەڵێك فەیلەسوف کەتوانیان گۆڕان لەگوتاری فەلسەفیدا بکەن ,ئەوەش وایکرد)هانز جۆرج گادامێر(لەناو ئەوکلتورەوەتەئویل بۆڕابردووبکات ,ئەوەش کارێك بووبەلای )هابرماس(ەوە بووەئەنجامی ڕەخنەلێگرتن ,چونکە هەردووفەیلەسوفەکەخۆیان بەڕۆڵەی شەرعی عەقلانیەت دادەنێن ,عەقلانیەت ئەوپڕۆژەیەی توانی دەیالۆگ لەفەلسەفەی ئەڵمانیدادرووست بکاتوبەبایەخەوەلەو دەیالۆگەبڕوانێ کەلەنێوان ئەو دووفەیلەسووفەدا درووست بوو ,پڕۆژەکەیهابرماس کەبەناوی"عەقلانیەتی بەردەوامبوون"ە ڕەخنەلەپڕۆژەی"عەقلانیەنی هیرمنیۆتیکی"گادامێر گرتو وای ناوبردکەگادامێر توانیویەتیلەڕێگەی هیرمنیۆتیکاوەچارەسەربۆڕاڤەکۆمەلأیەتیەکان بخاتەڕوو , بەوەیسۆسیۆلۆژیالەڕووی)بایەخ..شوێنگە..پڕۆسە..پەیوەندیی بەزانستەکان..پەیوەندیی بەئایدیۆلۆژیا(وە تەئویل بکاتوئاسۆی نوێ بۆگەیشتن پێشنیاربکاتوزمانێکی نوێ بخولقێنێکەناوی دەنێ "زمانی سەرنجەکان"ئەو زمانەش "زمانێکی بێلایەنەودەشتوانێ ئاسۆی ڕاڤەیکۆمەلأیەتیبەرز بکاتەوە بۆ سەڕوویئاستی سەرنجەکانوبۆچوونە کەسیەکان(1)"

کەواتەعەقلانیەتی هیرمنیۆتیکی لەکوێ سەرچاوە دەگرێتوچۆن تیۆرێك بۆخۆی دادەمەزرێنێ؟عەقلانیەت لەوپڕۆژەیەی گادامێرلەڕێگەیپڕۆسەیتەئویلەوەخۆی دەردەخات ,پڕۆسەیەك دەگەڕێتەوەبەرەوڕابردوو , بۆیەئەوپرسیارەیئەوپڕۆسەهیرمنیۆتیکیە دەیەوێ وەلأمی سەرچاوەوتیۆریی عەقلانیەتی هیرمنیۆتیکیبداتەوە , ڕووبەڕووی پرسیاری ترمان دەکاتەوە,بەوەی ئاخۆهیرمنیۆتیکای مێژووڕاڤەکردنی ڕابردووە ویاخود گەڕانەوەیمێژووەبۆنێو پڕۆسەی تەئویل؟مەبەست لەو هیرمنیۆتیکایە چییە؟چەمكوگرفتەکانیچین؟چونکە چەمکی تەئویل لەو پڕۆسەیە تەواو بەدژی ئەوڕوانینە دەکەوێتەوەکەبۆمێژووهەمانە ,مێژوولەناو زەمەنیئەرشیفکراو تەئویل ناکات ,بۆئەوەیخوازەودەلالەتەکانیبگەڕێنێتەوەنێونووسین ,بەڵکو هیرمنیۆتیکای مێژوولەڕێگەی پرسیارکردن لەوزەمەنیکە تەئویل کاری تێدادەکات ,کەدووزەمەنی تەواوجیاوازنوهیرمنیۆتیکادەیەوێ ئەو دووزەمەنەبەیەکەوە بگەیەنێتەوەتالەڕێگەیئەوپڕۆسەیە دەق لەنێو ڕەهەندیی مێژوویی دەربکرێ ,وەك ئەبستیمێك سەیربکرێت ,کەدابڕاونەبێت لەوسەردەمەیکەتەئویل دەکرێت , بەڵکودەق وەك بابەتێکی زیندووکەهەڵگری پاشخانێکی مێژووییەتەئویل دەکرێت ,ئەوەش دەبێتە مایەیئەوەی ئەوتەئویلانەی لەپێشوو بۆدەقەکەکراون فەرامۆش بکرێت ,هۆیەکەشی ئەوەیە تەئویل تێیدا ویستویەتی بەکۆمەڵێك میکانیزموئامرازی ڕەخنەیی ئامادە دەست بەتەئویل بکات ,ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی دۆزینەوەیمانا جگەلەوەینووسەری دەق بە دیاری خستووە ,مانایەکیترلەناو دەق کەشف نەکرێت ,بۆیەپڕۆسەی تەئویلیگادامێرلەپڕۆسەیتەئویل کردنەوەیمێژووهەموویئەو ئامرازەئامادانەیکەبەرلەتەئویل دەست نیشان دەکرا ئەو فەرامۆشی کردن ,وەك تەئویلکارێکی ئەو زەمەنیکەتێیدادەژیمێژووی تەئویل دەکرد ,ئەوەش بەمەبەستیبەرهەمهێنانیماناوگەیشتن بووبەحەقیقەتی لەبیرکراو ,حەقیقەتێك کاتێ لەتەئویل وەدەستی دێنێت , حەقیقەتی ڕەها نییە ,بەڵکوتەنیابەرەنجامی ئەوپڕۆسەتەئویلییە کەتەئویلکار پێی گەیشتووە ,بەتایبەت بۆتەئویلکردنیدەقی ئەدەبیکە"ناکرێ مەبەستی نووسەریتێدا دەست نیشان بکرێت ,یان چۆنیەتیتێگەیشتن لەسەردەمەکەی(2)"

ئەوکارەتەنیاشوێنگەی‌تەئویلکارەلەناودەق‌ومەرج نییەدەق ڕەنگدانەوەی‌خودی‌نووسەربێت ,ئەوەش بووەمایەی‌جیاکردنەوەی‌دەق لەنووسەر ,کەبەوجیاکاریەش گادامێردەیویست حەقیقەتی تەئویل لەناودەق وەدەست بێنێت ,نەك تەئویل کردنی بڕواکانی‌نووسەر ,ئەوەش لەڕێگەی‌پرسیارکردن لەناودەق هەوڵی‌خولڵقاندنی پەیوەندیەکی دیالەکتیکییانەی تەئویلکارەلەگەڵ دەق بۆبەرهەمهێنانی‌مانا ,بۆیە پرسیاربەلایەوەخاڵێکی‌سەرەکیەبۆدەست کەوتنی‌مانا,کەلەبەرەو پێش چوونی‌زانستیش مەترسی لەناو چوونی پرسیارەکان سەرهەڵنادات ,وەك ئەوبۆچونەی پێی وایە بەگەشەکردنی‌زانست‌وپرسیارەکان ماهیەتی‌خۆیان دەدۆڕێنن ,چونکە پرسیارخاڵی گومان‌وگەڕانەبۆگەیشتنەحەقیقەت ,بۆیەئەوبۆچونەی پێی وایە کەفەلسەفەماهیەت لەدەست دەدات ,بەوەی‌گەرلەڕابردووزانیاری لەبارەی نەزانراوەکان پێی دەدایین ,ئەوا ئەمڕۆ زانست لەئاستێکی پێشکەوتووەو فەلسەفەئەو ڕۆڵەی نەماوە,و لەبەرامبەرئەوهەڵەتێگەیشتنەگادامێر ناچاربووئەوەبدرکێنێت کەفەلسەفە زانیاریمان لەبارەی شتەکان پێ نادات ,چونکە وەزیفەی فەلسەفە ئەوەنییە کەزانیاریمان بداتی ,بەڵکو دەبێ بزانین سنووری‌ئیشکردنی فەلسەفە چۆنەوپێشبینی چی لێ دەکرێت؟

فەلسەفە فێری شێوازی پرسیارکردنمان ناکات ,بەڵکو دەبێ ئێمەخۆمان بزانین چۆن پرسیاردەکەین,لەچۆنیەتی‌پرسیارکردنەوە بەهای فەلسەفەمان بۆدەردەکەوێت ,کەدەکرێت کەشفی زۆرماتریالمان بۆ نەکرێت ,بۆیە ئەوتێگەیشتنەی بڕوای وایە دەبێت زۆرترین نەزانراو بزانین ,بەلای‌گادامێرەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیەو بەڵکومەبەست لەوکارەفێرکردنی‌گیانی پرسیارکردنە ,ئەوگیانەی‌کەلەئەمڕۆدا وون بووەدەبێ زیندوو بکرێتەوە ,تەنیا پرسیارەدەتوانێ بە حەقیقەتمان بگەیەنێت ,حەقیقەت ماتریالێکی ئامادەکراو نییە ,بەڵکوئەودژی ئەوتێگەیشتنەیەکەدەیەوێ داکۆکی لێبکات‌ودەیەوێ لەڕێگەی‌پرسیارکردنەوەبەحەقیقەت بگات ,پرسیارکردن لەحەقیقەت گومان لەو چەمکەی پێشوو درووست دەکات ,وەك چۆن ئەو حەقیقەتەی لەڕێگەی پرسیارکردن پێی دەگات ,بەتەئویل کردنێکی ناودەق دایدەنێت نەك گەیشتنی یەقین بێت بەحەقیقەت , ئەوەی‌لەنێو پڕۆسەیەکی هیرمنیۆتیکی بەحەقیقەت وەری دەگرین ,لەناوپڕۆسەیەکی تەئویلکاری تردا توانای ئەوحەقیقەت بوونەلەدەست دەدات ,ئەوەش حەقیقەت پەیوەست دەکات بەوتەئویلەی ئەنجام دەدرێت کەمانای تێدا بەرهەم دێت ,بەرهەمهێنانەوەی‌مانا لەسەر تێگەیشتن لەدەق وەستاوە ,تێگەیشتن لەدەق وادەکات توانای ئەو پرسیارە بزانێت کەئاراستەی دەق دەکرێت , بەواتای‌بەرهەمهێنانەوەی‌مانابۆمۆدێرنیتی‌ئەوکۆمەڵگایەی‌کەدەیەوێ پێی بگات لەڕێگەی تێگەیشتن لەعەقڵانیەت وەستاوە ,عەقڵانیەتیش لەوتێگەیشتنەوەدەبێ تەئویل بۆڕابردوو بکاتەوە ,ئەوساکەتواناوحەقیقەتی‌مەبەست بۆتەئویلکار ڕوون دەبێت ,چونکەزمان لە)فیقه(دەرکراوە بۆفەلسەفەوبەوکارەش هیرمنیۆتیکا دەبێ بەپڕۆسەی‌ئەنتۆلۆژی کەزمان لەپاڵ ئاگایی مێژوویی‌وئیستاتیکی بەرەو پڕۆسەی‌هیرمنیۆتیکی دەچن ,ئەوکاتەش زمان دەبێ بەوکەینونەیەی‌کەتێگەیشتن ڕاڤەدەکات ,ڕاڤەکردنیش لەناو زماندابەرەو کرانەوەدەچێت تاوەکودواندن بێنێتە دی ,کەلەهەمان کاتدا دەبێتەزمانی ڕاڤەکردن ,زمانێك کەستراتیژی هیرمنیۆتیکای فەلسەفیەومانابەرهەم دێنێت ,ئەوەش پەیوەندیی خوێندنەوە پەیوەست دەکات بەتێگەیشتنەوە),تێگەیشتن ( یش چەمکێکی سەرەکی هیرمنیۆتیکای مۆدێرنیتیە کەلەلایان شلایر ماخرکرا بەسێنتەری تەئویل‌وتێیدا)زمانناسی..گریمانەی دەق..ڕوانینی نووسەر(دەبنە ئەو سێ ئاراستەیەی کەلەتەئویلدا پشتی پێ دەبەستێ ,هەرچی گادامێرە ئاستی‌دەیالۆگی نێوان حەقیقەت‌ومیتۆدلەسێ ئاراستەی جیاوازوسەربەخۆسەیردەکات ,ئەوانیش)جوانکاری..مێژوویی..زمانەوانین(3)(

تەئویل خوازیارەهەریەك لەوئاراستەیە توێژینەوەكانیبۆگەیشتن بێت بەحەقیقەت ,دیارە زمانەوانیئەوئاراستەیەبۆگەیشتنەحەقیقەت ,كەیارمەتیهەردووئاراستەی جوانكاریومێژوویی دەدات ,بۆئەوەی شوێنی میتۆدبگرێتەوە ,بۆبەریەككەوتن لەگەڵ حەقیقەت كەگوتارێك كەشف دەكات , پێكهاتەكانی)زمان..دەق..خوێنەر(ە ,زمان لەهەرپرۆسەیەكیتەئویلكاری ئەوتێگەیشتنەدەدات بەدەستەوە كەتەئویلكار جەختیلەسەر دەكاتەوە ,بەواتای ئەوئاراستە مێژوویەی لەدەقێكدا تەئویلی دەكەین , لەئاراستەجوانكاریەكەی زمان تەواو لەتەئویلی پێشووجیاواز دەبێت ,هەربۆیەكاتێ دووتەئویلكار یەك ئاراستەینێو دەقێك تەئویل دەكەن ,بەلاَم دوولێكۆڵینەوەیجیاوازمان بۆبەرهەم دێنن ,هۆیەكەی ئەوەیەزمان لەناوتەئویل زمانی تەئویلكارە ,تەئویلكارەجیاوازی بەدەق دەبەخشێتوزمانە ئەو مافەی پێداوەكەجیاواز بیربكاتەوە ,ئەوكاتەتەئویلكاردەبێ بەزمانێك لەشوێنی تێگەیشتن,چونكەزمانوتێگەیشتن بەیەكەوەلەناودەق ئیشدەكەن ,ئەوەش وادەكات گادامێر"خراپ گوزارشت كردن لەفكرێك دەگەڕێنێتەوەبۆخراپ تێگەیشتنی ڕەچەڵەك(4)"

بەواتایخراپ خوێندنەوە ,تێگەیشتنیخراپەبۆبنەماسەرەتایەكانیخوێندنەوەكە ,بۆیە پرسیارێك بۆگەیشتنەخوێندنەوەكە گرنگ بێت ,دەبێ تەئویلكاربەرلەچوونەنێو زمان بۆتەئویل پرسیارلەسرووشتی ئەوحەقیقەتەبكات ,بەوەی چ حەقیقەتێكەئەو دەیەوێ پێی بگات!؟ چونكە ئەو سێ ئاراستەیەلەتەئویلدا چەندە سەربەخۆن ,هێندەش ئاگاییهەریەكێكیان پەیوەندیی هەیە بەئاگایی ئەوەی ترەوە ,بەمانای ئاگایی ئیستاتیكی دابڕاو نیەلەساتەوەختیئاگایی هیرمنیۆتیكیمێژوویی ,ئەوەش هەرگیز ئەوەناگەیەنێ كەزیان بەو ململانێیەی نێوانیان بدات ,ئەگەرچی ئۆسكاربیكر وایدەنینێ كە "هیچ بنەمایەك بۆ ململانێ نابینێ لەسەر ئەوجیاوازیەی نێوان ئاراستەی جوانكاریوئاراستەیمێژوویی_هیرمنیۆتیكی ,تاوەكو مشتومڕەكان لەكۆتاییدامتمانەبكەنەسەرجۆری ئەومرۆڤەی ,كەتاكی لێ پێكدێت(5)"

چونكەئەوئاراستەئیستاتیكیە بەئاراستەیەكی تەقلیدیی سەیردەكات ,كە لەكانت هەڵێنجراوبێت ,نەك ئاراستەیەكی نوێ بێت بۆتەئویل ,وەك چۆن ئەومۆركەمێژوویە لەكارەهونەریەكان بۆ شۆپنهاوەر دەگەڕێنێتەوە , چونكەشۆپنهاوەربڕوای وابووحەقیقەت لەودیومێژوو دەست پێدەكات ,ئەوڕەخنەیەش لەگادامێرئەوحەقیقەتەگادامێریەی زیاترسەلماندكەوازهێنان لەحەقیقەت بە مانای وازهێنان لەڕەخنەدێت , بۆیەتێڕامانیهیرنتیۆتیكی تەنانەت لەسەرجۆری تەئویلەكەشیوای كرد ڕەخنە ببێ بە پێویستیەك ,ئەو ڕەخنەیەش لەفرەتێگەیشتنی جیاوازی تەئویلەوە وەدەست دێت ,چونكە هیرمنیۆتیكا گرفتێكی میتۆدیینییە , هێندەیگرفتی تەئویلكارەلەبەرامبەرحیهان كەلەنێو پڕۆسەی تەئویل وێنای دەكات , چونكەتەئویلكارلەوێناكردنە پابەندی میتۆد نابێت هێندەی دەیەوێ تێگەیشتن بەرەو حەقیقەت ببات ,ئەوەش بۆخۆی هەوڵدانەبۆگەیشتنەمیتۆدێكیسەربەخۆ ,كەدەبێتەخاڵی جیاوازیگادامێرلەدڵتای ,چونكە دلتای كاتێك ڕەخنەلەماخر دەگرێتوپەیوەندیی تەئویل بەزانستەمرۆییەكان ناودەباتولەناوئەو زانستەگۆڕانیبەسەردادێت , ئەوبۆچوونەبەلای گادامێرەوەڕەت دەكرێتەوە ,نەك لەبەرئەوەیگادامێر بەجیاوازلەو بڕوای تەواوی بەوەیەمانالەدەق سەربەخۆیەوپەیوەندییبەئاستیئاگایی خوێنەرەوەنییە ,بەڵكوسەرباریگرنگیئەوخاڵە ,بەلاَم ئەوەیدەبێتە تیرەیەك بۆجیابوونەوەیان ئەوەیە كەهیرمنیۆتیكایگادامێری چەندە لەپەیوەندیەكی دیالەكتیكیەلەگەڵ زانستەمرۆییەكان ,ئەوالەڕووخساری ئەودیوی ئەوپەیوەندیە"بانگەوازێكە بۆبەرگریكردن لەنەمان لەناوزانستەكان(6)"

ئەوەش بەمەبەستی پاوان کردنیحەقیقەت نییە ,بەڵکو داکۆکی کردنە لەحەقیقەت ,لەڕێگەیگرێبەندیەك لەنێوان فەلسەفەوزانستەکان ,کەدیارە پەیوەندیی نێوان فەلسەفەوزانستەکانیش گەڕانەوەیە بۆپرسیارەکانیهایدگەر ,گادامێر ووتەنیبەبێ گەڕانەوەبۆهایدگەرکارێکە بۆمان ناچێتەسەر ,پێویستەتەئویل توانای ئەوەیهەبێت لەهیرمنیۆتیکای دەقەوە لەناو زەمەنی تەئویلکارەوەتەئویل بکات ,ئەوەش بەمەبەستیگەیشتنەبەمانایNoێ ,کەهەمان ماناکۆنەکانمان بۆبەرهەم نەهێنێتەوە ,بەڵکو دەق لەنێوان هەر دووزەمەنیجیاوازبتوانێ زەمەنێکی تربەمانای نوێ بخولقێنێتەوە ,چونکە"گادامێر وای دەبینی کەتێگەیشتن نوێنەرایەتیکرداریخودیانەی تاك ناکات ,بەڵکو ئەودۆخەیمرۆڤی تێدایە بۆخۆی لەناو سەیرورەتیکەلەپوورە , کەبەبەردەوامی ئێستاوڕابردووی تێدا دەتوێتەوە(7)"

بەومەبەستەی کەتێگەیشتنیتەئویلکارلەوسەردەمەدابتوانێلەناو کلتورێکی ڕابردووبۆدەق تەئویل بکاتەوە , کەبەرلەهەمووشتێك ئەوکارەتێگەیشتنەلەخودیخۆیلەناودەقدا ,دواترجیاوازی خستنەنێومێژووە ,بەوەی واقیعی مێژوویی لەناو زەمەنی ئەمڕۆدابۆشاییەك درووست دەکات ,لەڕێگەی تێگەیشتن بۆئەو واقیعە کەمانایە ,ئەوەش یەکێتیەکەلەنێوان دەقوتێگەیشتنی مێژوو ,کەگادامێر لەپاڵ تێگەیشتن چەمکی"ئاسۆ"ش دەکاتەمیکانیزمێکیترلەناوتەئویل ,کەئەویش پەیوەندیی بەخوێندنەوەی سەردەمیانەهەیەبۆمێژووکە"ئاسۆی ڕابردوو "و"ئاسۆی ئێمە"یا ئامادە ,کەئەوەی دواییان مەبەست لەزەمەنیئاسۆی تەئویلکارەو"ئاسۆی ڕابردوو"ش زەمەنی ئاسۆی دەقە ,کەهەردوو ئاسۆکەدەتوێنێتەوە ,نەك وەك چەمکی سەربەخۆدەربکەون لەناو تەئویل ,چونکەتەئویلکارلەنێوتەئویلیخودیدا سەیریدەق دەکات ,ئەوەلەکاتێکداکەلەپوورێکی ئامادەهەیە)تێگەیشتنی کۆن ,لایەنگیری ,پێشبینیەکانیپێشوو(کەمەرجی سەرەکیپڕۆسەی تەئویل بوونوئەومەرجەسەرەکیانە لەناوتێگەیشتنەخودیەکانی ئەو دووئاسۆیە دەتوێتەوە ,بۆیە کاتێك بەشێك لەدەقەمێژوویەکان لەناوپڕۆسەیتەئویل شوێنیان نابێتەوە,هۆیەکەیبۆئەودەقە دەگەڕێتەوە کەلەناوئاگاییمێژوویی هیچیئەوتۆیجێ نەهێشتووە ,چونکەئەوەدەقەکەیە بڕیارلەسەرچوونەنێوتەئویل دەدات , وەك چۆن دیسان ئەوەتەئویل نییەئەودەقەفەرامۆش دەکات ,بەڵکو دەق شتێکی ئەوتۆیلەخۆیدا هەڵنەگرتووەتاتەئویل بکرێت ,جائەودەقانەدەقی فەلسەفی بن یاخود دەقی ئەدەبی ,بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە دەقەکانیشکسپیر بەنمونە وەردەگرین ,کاتێ دەقەکانی"شالیر..ماکبێس..ئۆتێللۆ..هاملێت..ریتشاردی سێیەم..خەونینیوەشەوی هاوین"لەزەمەنی ئێستادا دەقی مێژوویی مەزنن‌ودەچنە نێو پڕۆسەیتەئویلەوە , پەیوەندییبەوئاگاییە ئیستاتیکیومێژوویەهەیەکەتوانای خولقاندنەوەیلەناوهەموو زەمەنەکان پاراستووە , هەرئەوەشە وای کردووە"جاك دریدا "بتوانێ بۆخوێندنەوەیچەمکی کۆتایی مێژوو لەناو دەقی هاملێت کاربکاتەوەوزەمەنیتارماییهاملێت بکات بەزەمەنیتارماییلەئێستادا ,ئەوەش بەمەبەستیگەیشتنەحەقیقەتێکە کەهاملێت دەیەوێ لەڕێگەی پرسیارکردنەوە پێی بگات ,دریدا دەیەوێ پرسیاری هاملێت بگەڕێنێتەوەئەو سەردەمەولەنێو پڕۆسەی هیرمنیۆتیکی وەڵامی بداتەوە ,کەئەوەش کەشف کردنی مانایئەدۆزراوەیەکەدەق بەلایدا نەچووە ,مانایەك لەودەقەبەرهەم دێنێت کەلەخوێندنەوەکانی پێشوو جیاوازبێت ,وەك چۆن لەخوێندنەوەیبۆ ئەفلاتوون هەرگیزئەومانایە ناگەڕێنێتەوە کەلەخوێندنەوەی فەیلەسوفانی وەك کانت‌ودیکارت ئامادەبوونیان هەبوو ,ئەوەش بۆئەو میکانیزمانە دەگەڕێتەوەکەتێیدا دەقومێژووی پێ تەئویل دەکرێت ,بۆیە کاتێ لەڕێگەی سێ پرسیارەوە دەیەوێ دەیالۆگ لەگەڵ گادامێر بخولقێنێ ,چونکەپێی وایەلەدواباسیدا دەیەوێ ڕەهاییبسەپێنێتە سەرپڕۆسەی هیرمنیۆتیکی,کەدیارە ئەوکارەش لایگادامێرتەنیابەتەئویلێك ناو دەبردرا نەك

ڕەهایی بداتە تەئویل ,بەڵام ئەوکارەی بۆتەمایەی ئەوەی دریدا بەپرسیارێکی‌تر کۆتایی بەو ووتارەکورتەی بێنێت ,کەسێ پرسیاری گرتۆتە خۆیی ولەدوادێری ووتارەکەدا دەپرسێت"ئایا کەسێك ناتوانێ بەڕێگایەکی‌تەواو جیاوازیی بیرکردنەوەبڕوانێتەدەقەکان؟(8)"

ئەوپرسیارەش بەمەبەستی تێکشکاندنی ئەو ڕەهاییەلەتەئویلداکەسنوری دەست کەوتنی‌مانا دەست نیشان دەکات ,,چونکەتەئویلی ڕەهامانالەشوێنێك دەوەستێنێ‌ونایەڵێ گەشە بکات ,بۆیەبەڕەهایی بیرکردنەوەبۆخۆی‌دژ وەستانەوەیە بەرامبەر بە)تێگەیشتن (ئەوچەمکەی لەهیرمنیۆتیکادا تێگەیشتنێکی سادەی هەبوو بۆدەق کەلەشلایرماخر وەرگیرابوو ,گادامێر کردی بەچەمکێکی فەلسەفی‌کەدۆخەمێژوویەکەی نێودەقی سەرلەنوێ پێ خوڵقاندەوە ,بەجیاواز لەبۆچوونی"دلتای"ش ,چونکەدلتای واسەیری تێگەیشتنی دەکردکە " ڕەگەزێکی گرنگە بۆگۆڕینی خودیی یان پرۆژەی‌بیرلێکراوە ,کەلەلایان تەئویلکارەوەشوێنگەیەکی واداگیردەکات کەئەو مەودایەی نێوان خۆی‌وشتەکەبەلاوەدەنێت‌ودەبێتەهاوشانی(9)"

ئەوەسەربارى ئەوەی‌گادامێرئەوچەمکەی بردەنێو دەلالەتی‌فەلسەفیەوە ,ویستی ئەو لایەنگیریەی ئەو دوانەهەیانبوو)مەبەست لە ماخرودلتایە ,(کەنەیان دەتوانی‌دەسبەرداری دیکارت بن‌ئەوەش وای کردبووتەئویل لەخاڵێکدا دەست نیشان کراوبێت ,بەڵام گادامێر لەڕێگەی چەمکی‌تێگەیشتن لەمێژوو هەمووئەومیکانیزمانەی نێو خوێندنەوەی‌لەپرۆسەی‌تەئویل فەرامۆشکرد ,کەمانایان لە خاڵێکدا بەنددەکرد,ئەو دەیویست تەئویل بەئاقارێکدا بەرێت ,کەنەدەرەنجامەکانی‌لەپێشوودا تاقی‌کرابێتەوەونەئەو مانایانەی لەدەق بەرهەمی‌دێنێ مانای کەشف کراوبن ,ئەوەش وای‌کردتەئویل ئەوخاڵە بکاتەستراتیژی‌کارکردنی‌لەنێودەقەمێژوویەکان , کەچیتر"ئێمەبەووێنەیەناڕوانینە ئەفلاتوون کەدیکارت یاکانت بینیویانە ,بەڵکو ئێمەئەفلاتوون بەشێوەیەکی‌جیاواز دەبینین ,هۆیەکەشی دیکارت‌وکانتن(10)"

چونکەئەوان لەنێو زەمەنێك تەئویلی دەقیان کرد ,کەپەیوەندیی بەزەمەنی‌دەقەوەهەیەوزەمەنی‌هیرمنیۆتیکی بەتەواوی تێیدا فەرامۆش دەکرێت کە گادامێر دەیویست پەیوەندیی‌تەئویلکارپەیوەندیی مرۆڤێك بێت بەئاسۆی ئێمەوئاسۆی ڕابردوو ,ئەوەش وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەناو ئاسۆی توانەوەئاسۆیەکی‌نوێ بەرهەمدێنێت,نەك مەبەستی‌لەتێپەڕکردنی شوێنگەی‌تەئویلکاربێت ,چونکەئەوەیان تەنهالەئارەزوویەکەوەهاتووە , بەڵکوئەومەبەستی‌بوو پرۆسەی تەئویل کردنی دەق پرۆسەیەك بێت ئەولایەنەکەشف بکات کەڕووبەڕێکی‌نادیارە , ئەوگۆڕانەی‌گادامێرلەپرۆسەی تەئویل خوڵقاندی پرۆسەیەك نەبوو بەدژی ڕوانینی‌کانت ,هێندەی دژی بانگەشەی‌کانتیە نوێیەکان بوو ,کەحوکمی پێشینەیان لەسەرمێژووهەبوو ,بەوەی دەق ئەوکەلەپورەبووکەدەبولەنێو زەمەنە مێژوویەکە ڕاڤەبکرێت‌وپارێزگاری لەدەلالەتە ڕەوانبێژی‌ومەجازییەکانی بکەن ,کەئەوەش بووەمایەی‌ئەوەی‌گادامێر نەك هەردەق لەنێودووبارەکردنەوەی‌بەرهەم هێنان دەربکات , بەڵکوتەواوسەرپێچی کردلەچەمکی تێگەیشتن لەدەق ,بەوەی‌ئەومێژووەی لەناو دەق ئامادەیی هەبوو , هەرئەویش بووتوانای دەست نیشان کردنی تەئویلی هەبوو ,ئەو مێژووەلەلای ئەو لەئێستادادەبێ پرسیاروتێڕامان‌وبیرکردنەوە سنوورەکەی دەست نیشان بکات ,بەوەی لە )ئامادەبوونی‌ئێستا (سەیری ئەو مێژووەدەکات ,نەك ئێستا لە)ئامادەبوونی مێژوو (تەئویل بکات ,بۆیە ئەو ڕاڤەکردنەی‌لەمەداری نووسەرکۆبۆوە کەوتەسەرەمەرگو)مێژووی ئێستا (لەنێو هەردوو ئاسۆکەدەرکەوت ,ئەوەش"ئاسۆی دەیالۆگ دەکاتەوەوادەکات تێگەیشتن هەبێت لەنێوان ڕاڤەکاری نوێ‌ودەقی کۆن(11)"بەوەش لەلایەك شکستی بەو ڕوانینە ڕووکەشانەیە هێنا بۆدەق‌ولەلایەکی تریش بەکەلەپوور سەیرکردنی‌ئەو

دەقەکەئەودوولایەنی‌خستەپەراوێزەوەودەقی وەك جەستەیەکی‌بنیاتنەرسەیردەکرد بەوەی‌لەزەمەنی ئێستا دانەبڕاوە ,بەڵکو دەیکات بەوهێزەی‌کەلەپاڵ کاریگەریی ئێستا توانای خولْقاندنی تێگەیشتنی جیاوازیان هەبێت , تێگەیشتنێك کەلەپێشوودا)دلتای‌وماخر(دەیانووت زمان لەناودەق ڕەمزەبۆماتریالێك ,چونکەبەلای گادامێرەوە دەکرێ ئەوپەیوەندیەی‌لەنێوان نووسەروخوێنەرهەیەلەبنەماوەپەیوەندیەك بێت لەسەربنەمای نەبوون درووست دەبێت ,بەڵکوتەنها بەبەشداریکردن لەناو دەق دەتوانرێ ئەو پەیوەندیە بدۆزرێتەوە ,بەواتای زمان لەناو دەق ئەو ڕەمزەی دەست نیشان کردووە کەخوێنەر ئاماژەی پێداوە ,چونکەهەرپڕۆسەیەکی‌نووسین بەداخستنی زمانەکە کۆتایی بەدەقەکە دێنێت ,بەشداریکردنی خوێنەرلەناو دەق وادەکات ئەوزمانە جارێکی تربکرێتەوە , بەکرانەوەشی ئەوسنوورە دەست نیشان ناکات کەپێشترئاماژەی زمانەوانی‌ببوە سیستمی ڕێکخەری , بەڵکوخوێنەر لەپڕۆسەی تەئویلکردندا دەیەوێ ئەو ڕووبەرە بدۆزێتەوە کەزمان لەکرانەوەیدادەیەوێ بەشداری لەنێو نووسینەوەی‌بکرێت ,چونکە زمان بەلایەوەئەوکەناڵەیەکەدووزەمەنەکەبەیەك دەگەیەنێت,کەلەناو زمان تێگەیشتن دەمانبات بۆتوانەوەی‌ئاسۆ ,بەمانای دوای‌ئەوەی‌زمان ئەودووئاسۆیە کەهەریەکەوهەڵگری زەمەنی‌خۆیەتی‌ولەناوتەئویل کۆیان دەکاتەوەولەئاسۆیەکی تردا لەناوخۆی‌دەیان توێنێتەوە , دیارەلەقسەکردنمان لەتەئویل لای گادامێر نابێ‌ئەوەفەرامۆش بکەین کەئەوپڕۆسەیەپەیوەندیی هەیەبەدوودیدگای فەلسەفی ,یەکەمیان"ئەرستۆ"یەکەپەیوەندیەکی قووڵ هەیەلەنێوانیان لەبارەی سرووشتەوە , چ لەڕووی چەمکی‌خودییانە ,یاخود ڕاڤەکردنی‌گادامێر بۆسرووشت کەلەئاکاری ئەرستۆییەوە وەرگیراوە , بەتایبەتی "لەکێشەی ڕۆڵی عەقڵ لەکردار ,نەخوازەللا لەکرداری ئاکاری ,لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بەشێوەیەکی‌ئەبستراکیانە پێشبینی چەمکی عەقڵوکرداری بکرێت ,چونکەلەوکاتەداناتوانین ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆناوەڕاست لەنێوانیان(12)"

دیدگای فەلسەفی دووەمیش ئەودیدگایەی "هابرماس "ئاماژەی پێ دەدا لەبارەی پڕۆسەی هێرمنیۆتیکی , کەناکرێ دیدگای هایدگەر لەهێرمنیۆتیکای گادامێری جیابکەینەوە,کەدیارەگادامێربۆخۆشی ویستویەتی‌ئەوپەیوەندیە بهێڵێتەوە ,کەهایدگەرلەناوتەئویل کاری‌تێداکردووە ,بەتایبەت کاتێ بۆپرسیارەناسراوەکەی‌هایدگەر گەڕایەوە"میتافیزیکا چییە!؟"

گادامێر ویستی لەتەئویل کردنەوەی ئەوپرسیارە ئەوە ڕوون بکاتەوە کەهایدگەرنەیویستووە پێناسی‌میتافیزیکیا بخاتەڕوو ,هێندەی مەبەستیەتی‌بەهای ڕاستەقینەی دەربخات ,لەپاڵ ئەو بۆچوونەی کەخوازیارە میتافیزیکاچۆن بێت ,ئەوەش بەمەبەستی‌گەیشتنە حەقیقەتی پرسیارەکەی‌هایدگەرە ,کەبۆخۆی گەیشتنەپرسیارێکی ترە لەودەقە کەپەیوەندیی بەجیاوازی‌هەیە لەنێوان"تێگەیشتنی دەقێکی میتافیزیکی دیاری کراو ,یان بۆچارەسەری‌گرفتێکی دەست نیشان کراو لەسیستمێکی میتافیزیکی(13)"

هێرمنیۆتیکابەدوای ئەودوودیدگافەلسەفیەدەتوانێ پەیوەندیەکی‌نوێ بدۆزێتەوەکەگەشەی بەوچەمکەتەئویلکارییەی هایدگەر داوە ,ئەویش پەیوەندیی)من-خود(بە)تۆ-بابەت ,(بەشداری کردنی‌خودەلەناوخودی دەقدا ,بەڵام ئەوخودەی‌گادامێرهەرگیزوەك ئەو عەقڵەی‌دیکارت نییەکەخۆی بکات بەچاوگەی‌ڕەها ,بەڵکوتەئویلکاردەبێ بەوخودەی‌کەڕۆڵی)سێنتەری ئاگایی(دەگێڕێت , تەئویلکارئەوخودەیەکەدەبێ بەقسەکەرێك لەناودەقەوە ,چونکەدەقەمێژوویەکان بابەتێکی داخراون‌وتەئویل لەئەنجامی‌توانەوەی هەردووئاسۆکەڕووەوکرانەوەیان دەبات ,کەئەویش کرانەوەی زمانە ,بەوکرانەوەیەش هەمووئەو مەغزا شاراوانەی لەناودەق نارۆشنن هەولی بەدیارخستنی‌دەدرێت ,لەکرانەوەوچوونەژوورەوەبۆناودەق

دەبێت ئاگایی ئەوەمان هەبێت کەمەودای)من/تۆ(و)خود/بابەت(لەلای گادامێر دوومەودای یەکسان نین , من وتۆکەکورت کراوەی)تەئویلکار(و)دەق(ە ,ناکرێ لەگەڵ)خود(و)بابەت(بەیەکەوەیەکسانیان بکەینەوە ,نەك هەرلەبەرئەوەی پرۆسەکەپرۆسەیەکی خودییە ,بەڵکوسەرباری ئەوەلەناوپرۆسەی تەئویل"دەق دەچێتەناوئاسۆی ماناکانی تەئویلکار (14)"

بەتایبەت تەئویل کردن لەبواری ئەدەبی)کەمەبەستمان لەدەقی شیعریە(ولەچەمکی گادامێری تەئویل بۆدەیالۆگەکانی ناو دەق دەکرێت ,ئەوەئەوکاتەزمانێك تەئویل دەکەین کەبەشیعرکراوە ,زمانێکە لەدەربڕینی ئاساییەوەبۆشیعرییەت گۆڕاوە ,دەست کەوتنی مانا لەتەئویل کردنی ئەوزمانەشیعرییەدا بەرەنجامی پرۆسەی تەئویلکارە ,بۆدەست نیشان کردنی سنوری دەیالۆگ ,ئەوەش ئاڵوگۆڕکردنێکەلەناودەق ,بەوەی ڕاڤەکردنی دیدگای زمان بۆشتەکان دەگۆڕێتەسەرئارەزووی شیعرلەناو زمان ,بەوەش سیاقێکی تردەیالۆگ بەڕێوە دەبات ,کەهەرگیزسیاقی دەیالۆگی قسەکردنمان نییە ,دیارەئەوتێگەیشتنەلەگۆڕانی ئاستی زمان تەنها ئیشکالیەتێکی نێو دەقی شیعرییەوپەیوەندیی بەدەقە فەلسەفی ومێژوویەکان نییە,چونکەهێرمنیۆتیکای گادامێری تەئویل کردنێکی خودیبانەیەبۆدەق ,کەتەئویلکارلەناودەقی مێژوویی پرۆسەی تەئویل دەخوڵقێنێت ,دەیەوێ لەساتەوەختتی تەئویل وێنای زەمەنی دۆزینەوەبکات ,کەجارێکی ترتەئویل پرسیارە فەلسەفیەکان دەگەڕێنێتەوە ,بەڵام هەرگیزئەووەڵامانە وەدەست ناهێنێتەوە ,بەڵکوبەدوای وەڵامی تازەدەگەڕێت بۆپرسیارەکان ,بۆئەوەی ئەوپرسیارانەی فەیلەسوفانی پێشوو بەمانای فەلسەفییان گەیاندئەوجارێکی ترتەئویل بۆئەوپرسیارانەبکاتەوەودڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کەپرسیارەکان وەزیفەو دەلالەتی خۆیان نەدۆڕاندووەولەتواناياندا هەیە لەو ڕۆژگارەشدا بیانکاتەوەبەتەوەری باسەکان ,نەك وەك ئەوەی فەیلەسوفەکان پێی گەیشتوون ,بەڵکو دەروازەیەك بێت بۆدەست پێکردنەوەوخوڵقاندنەوەی ئێمە لەناوپرسیارەکان , کەهەربەوجۆرەش دەتوانێ مانای نوێ وەدەست بێنێت ,بۆیەتەئویلکردنەوەی فەلسەفەگومان کردنەلەمانایەك کەسنوری بیرکردنەوەی دەست نیشانکردووە,تەئویل دەیەوێ گومان لەوبڕوایەبکات کەگومانی میتۆدییە , گومانێکە تەئویلکارەمۆدێرنەکان هەوڵیانداوە لەڕێگەیەوەبگەنەمانای تازە ,ئەوەش بەپشت بەستن بەتەئویل , کەسەرلەنوێ دەق دەخرێتەوە پرۆسەی خوێندنەوەوتەئویلکردن ,مێژووش وەك دەقێك شایستەی تەئویل کردنە , کەتەئویلکارمێژوولەزەمەنی ئێستادەگەڕێنێتەوەنێو ئەوزەمەنە ,تاوەکو خوێندنەوە زەمەنێکی تری پێ ببەخشێت..زەمەنێك کەتەئویل کردنی عەقڵانیەتە ,بەڵام هابرماس بڕوای تەواوی بەوەهەیە کەناکرێ بۆتەئویلکردنەوەی عەقلانیەت پشت بەڕابردووببەسترێت ,ئەوەش گومانکردنەلەتوانای مێژوو ,بەواتای ئەوبڕوای بەو ئاسۆنوێیەی تەئویل نییە.

بۆیەئەگەرگادامێرلەڕێگەی تەئویل کردنەوەی ڕابردووبگات بەعەقلانیەتی هێرمنیۆتیکی ,ئەوائەوپڕۆژە عەقلانیەبەلای هابرماسەوە خاوەن ڕەگێکی ئەنتۆلۆژییە کەهەڵێنجراوی نێودەقی هایدگەرە ,بەوەی ویستویەتی لەنێودیدگای فەلسەفی هایدگەرەوەتەئویل بۆعەقلانیەتی کۆمەڵگا بکاتەوە ,بۆیە زمان کەخاڵی دەروازەکردنی هایدگەربووبۆنێو فەلسەفە ,گادامێریش وەك ئەو زمان بەوکەینونەیەناودەبات کەمرۆڤ پەیوەندیی خۆی لەڕێگەی زمان وجیهان وێنادەکات ,بەمانای مرۆڤ نائامادەیەکەولەڕێگەی پرۆسەی تەئویلەوەئامادەگی خۆی ڕادەگەیەنێت ,بۆیەتێگەیشتن لەزمان دەبێ بەتێگەیشتن لەکەینونە ,ئەوەش گەڕانەوەیەبۆئەومانا هایدگەرییەی کەپێی وایە ئەوەی"شایەنی ئەوەبێت ببێ بەفیکرکەینونەیەکەئەوی لێ پێکدێت ,جیاوازیش لەنێوان ئەنتۆلۆژیی وعەقڵی ئەوفەزاسیمیۆلۆژییە کەئەویش پڕەلەتێگەیشتن(15)"بۆیەبەلای گادامێریشەوەلەوتەئویلەی

هایدگەرەوەجارێکی‌ترتەئویلی کۆمەڵگا بەرەوپێش دەبردرێت ,تاکتیکێکەودەیەوێ ستراتیژێکی‌نوێ بەعەقڵ ببەخشێت ,بەوەی‌کەلێنی‌نێوان ئەنتۆلۆژیاوعەقڵ ,پانتایی تێگەیشتن دەخولقێنێت.
تەئویل کردنەوەی‌ڕابردووبەدواندنی‌گەردوونەبۆئەوەی‌ڕابردوولەناوزەمەنی‌ئێستادا ئاسۆیەکی نوێ بخولقێنێت , ئەوەش جیاوازەلەوڕوانینەی‌هابرماس بۆتەئویل لەبەرامبەرزانستەکان ,ئەو"وای دەبینێ کەوەسفی هیرمنیۆتیکی بۆزانستەکان نابێت بەپەیوەندیەك ,تەنها بۆکایە سۆسیۆلۆژیەکان نەبێت(16)"
چونکەتەئویل پرۆسەیەکی سەراپاگیریی نیە ,هێندەی قووڵ بوونەوەیەلەڕەهەندێکەوە ,ئەوڕەهەندەی‌بەلای هابرماسەوەبۆنێوئایدیۆلۆژیادەچێتەخوارەوە ,ئەوڕەخنەیەی‌گادامێر لەگەڕانەوەبۆڕابردووئاراستەی‌کۆمەڵگای دەکات ڕەخنەیەکەتێروانینی ئایدیۆلۆژی دەخولقێنێ ,ئەوتێروانینەبەومانایەی‌کەتەئویل تەسلیم بەئیرادەی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی دەبێت ,ئەوەش وادەکات تێگەیشتنی هەریەکێکیان دیدێکی جیاواز بخولقێنێت بۆحەقیقەت ,چونکەگادامێر چەندەویستویەتی‌لەتەئویلکردندا بەحەقیقەت بگات ,ئەوا هابرماسیش سی ساڵ زیاترەلەنووسینەکانیداجەخت دەکاتەوەسەرئەولایەنە ,بەڵام ئەوڕەخنەلەو تێگەیشتنەگادامێریە دەگرێت کەدەیەوێ لەڕێگەی‌گەڕانەوەیۆمێژوو حەقیقەت وەدەست بێنێت ,چونکەتوانای نییەخۆی‌لەوهەڵومەرجە مێژووییەڕزگاربکات ,بەلای هابرماسەوە ڕابردوو ناتوانێ ڕەخنەلەخۆی بگرێت ,هەربۆیەشە ڕەخنەگرتنی‌لەگادامێر لەوهاوڕێکیە دێت بۆمانا ,بەواتای ئەو ڕوانینەبۆتێگەیشتن ناتەواو دەکەوێتەوە , چونکەئەوهاوڕێکیەبۆمانا تەواو نییە ,ئەوەش بەجۆرێکی ئایدیۆلۆژی دەبینێت ,چونکەبەلایەوەعەقڵانیەت پێویستە لەڕێگەی‌ئاخاوتنەوەبگات بەوتێگەیشتنە ,ئەوتێگەیشتنەی بەلای گادامێرەوەدەیەوێ‌بەحەقیقەت بگات , ئەوحەقیقەتەبەلای هابرماسەوەبۆخۆی ڕوویەکی‌تری‌هەیە ,ڕوویەك کەهەڵگری ئایدیۆلۆژیایە ,ئەوەی‌لەوڕەخنەیەی هاتووە کەناکرێ"لەهیچ حالەتێکداسۆسیۆلۆژیاکورت بکرێتەوە ,تەنها بۆسۆسیۆلۆژیای تەئویلکارانە(17)"نەبێت ,گادامێرلەوەڵام بەو ڕەخنەیەپێی وایەهابرماسیش وەك ئەوبڕوای بەوتوانایەهەیە کەدەرگابۆئاخاوتن ئاوەڵا دەکات ,ئەگەرچی ڕەخنەشی لێی ئەوەیەکەهابرماس ناتوانێ جیاوازی لەنێوان تایبەتمەندیی سۆسیۆلۆژی‌وبەرژەوەندیی سیاسی بکات.
ئەوەش خاڵێکی سەرەکی دەیالۆگی‌نێوان ئەودووفەیلەسوفەیەبەمانای‌دەیالۆگی نێوانیان دەیالۆگێکەتایبەت بەکۆمەڵگا ,کۆمەڵگایەك کەدیدەعەقڵانیەکانی‌چۆن دەخاتەنێو پەیوەندیی دیالەکتیکی ,چونکە دەیالۆگەکان نەیان توانی‌قەناعەت بەیەك بکەن یان دەتوانین بڵێین دوای وەڵامدانەوەکانی گادامێرکەنەیتوانی بڕوا ڕەخنەیەکانی‌هابرماس جێ پێلەق بکات ,ئەمجارەیان هابرماس بۆڕەخنەگرتن لەو ڕووەئایدیۆلۆژیایەی نێوچەمکی تێگەیشتنی‌گادامێری ,هەوڵی خولقاندنی‌تیۆرێکی‌ڕەخنەییدا لەبارەی ڕاڤەکردنی‌دەروونی , کەبەشێوەیەکی میتۆدیانەبتوانێ ئایدیۆلۆژیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ,, تاوەکو)عەقڵانیەتی‌هیرمنیۆتیکی(بە)عەقڵانیەتی بەردەوام بوون(بگۆڕێت ,چونکەهابرماس سەرباری ڕەخنەکانی‌لەگادامێر پێی وایە واقیع ئاوەژووکراوەتەوە ,دەبێ ئەوواقیعەلەڕێگەی دەیالۆگەوە بخرێتە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەیی ,ڕەخنەگرتنیش لەوواقیعەی‌کەپێی وایەسەرمایەداری ویستوویەتی ڕوویەکی ساختەکاری بۆدەربخات,ڕەخنەیەکەلەبنەمای فەلسەفی)کانت(وەە هەڵێنجراوە ,چونکە پرسیاری‌کانت لەدەقەناسراوەکەی)سەردەمی ڕۆشنگەری چییە؟(پرسیارێکە چەندەقسەلەزەمەنێکەهێندەناوبردنی‌ئەو زەمەنەیەبەزەمەنی ڕەخنەیی‌کەتێیدا ڕەخنەلەوسیستەمەسیاسیە دەگرێت‌ودەیەوێت حەقیقەتی‌فەلسەفەی‌مارکس بکاتەپێوانە بۆڕزگاری (18),ئەگەرچی ڕزگاربوون لەڕێگەی بڕوافەلسەفیەکانی‌مارکسەوە دەبینێ ,بەڵام ئەوە

بەومانایەنییەکەتێگەیشتنی‌بۆمارکس تێگەیشتنێکی‌مێژوویی بێت ,وەك گادامێرلەهیرمنیۆتیکا مەبەستی‌بوو , بەڵکولای هابرماس عەقلانیەتی بەردەوامبوون لەوەدایەکەلەتەئویلکردندالەهەندێ‌بنەمای فەلسەفی مارکس دووردەکەوێتەوە ,چونکەئەگەرتەئویلی مارکس بۆدونیالەڕێگەی بەرهەمی دەستی‌پرۆلیتاریا بێت ,ئەواهابرماس چەندەئەوبەرهەمەی کارکردنی بەلاوەگرنگە ,هێندەش)پەیوەندی/زمان (بەلایەوەگرنگی خۆی هەیە ,بەڕادەی ئەوەی‌لەکارکردن زیاترلایەنگیری زمان‌وپەیوەندی دەکات ,چونکەلەچوارچێوەیەکی دەست نیشان کراو دووری دەکاتەوەوبواری فرەمانایی‌وکۆمەڵێك پرسیاری بۆدەخاتە ڕوو.

کاتێ زمان بایەخی‌لە)کار(زیاتر بێت ,ئەوکاتەتەئویل کردن بۆڕزگاری‌وتەئویل کردن بۆمارکس بەیەکەوە دەچن بۆپرۆژەی هیرمنیۆتیکای عەقلانیەتی‌بەردەوامبوون ,کەتێیدا زمان‌وتەئویل پەیوەندیی نوێ دەدۆزنەوە ,کەواتە ڕزگاربوون ئەوبابەتەیە کەجیاوازی جەوهەری لەوە دەست نیشان دەکرێت ,کە)کار(گۆڕاوەبۆ)زمان ,( ئەگەرمارکس ڕزگاربوونی‌پرۆلیتاریا ببەستێتەوە بەبەرهەم هێنانی‌کاری ئەوچینە , ئەوابەلای)هابرماس(ەوەمارکس ئەو فەیلەسووفەیە کەدەبێ پەنای ببەینەبەر ,بەڵام پێویستەسەرلەنوێ پرسیارەکانی بخەینەوەژێر ڕەخنەوەوتەئویلی بکەینەوە ,هەرئەوتەئویل کردنەشە کاردەگۆڕێت بەزمان , کەئاقارێکی فراوانتری پێدەبەخشێت ,ئەگەرلە)کار(داپرۆلیتاریابیەوێت لەگۆڕینی‌دونیا پەیوەندیەکی‌نوێ بخولقێنێت ,ئەوازمان بەلایەوەلەگەڵ جۆرێك لەپەیوەندیی دەیانەوێ ئەوگۆڕانەوەدەست بێنێت , چونکەگەرمارکس لەسەرەتاوە بیەوێ بەپەیوەندیی بگات ,ئەواهابرماس بەپێچەوانەی‌ئەوپەیوەندیی لەتەك زمان دەبێتەچەمکێکی‌تربۆرزگاری ,ئەوپەیوەندیە نوێیەی کەدەبێتەخەونی‌مەبەست ,پەیوەندیەکەوبەهۆی گۆڕینی چەمکی)کار(بۆ)زمان(گۆڕانی ناوەکی‌لەخۆ گرتووە ,بەوەی ئەو چەمکەنابێتەوەبەچەمکێکی جیهانی , هۆیەکەشی ئەوەیە سەرمایەداری توانیویەتی دەسکاری جیهان بکات ,بەمانایەکی‌تر ئەوناتوانێ وەك مارکس دەسەلاتی‌چینێك بکاتەهێمابۆڕزگاربوون ,چونکەپەیوەندیەکان لەوانەش پەیوەندیی پرۆلیتاریامانایەکی جیهانیان نەماوە ,هێندەی هەرپەیوەندیەك مانای جیاوازی هەیەوئەوەش وای کردووە ڕەخنەگرتن لەلای سەرهەڵبدات , بەڵام خۆی ووتەنی"تائاستی پانتاییە گشتیەکان بەرفراوانترنەبن ,مەرامی دڵخوازیی قسەکردن‌وتوانای‌پەیوەندیەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەدەست نایەن(19)"

ئەوەش مەبەستی لەخودی فەلسەفە خۆشی بوو ,ئەو ڕەخنەیەی‌بەلای مارکسەوە بەوەکۆتایی دەهات , کەفەلسەفە ئەوکاتەدەتوانێ‌بگاتەمەبەستی خۆی کاتێ توانی وەك فەلسەفەخۆی نەهێڵێت , ئەوتێگەیشتنەلەڕەخنەلای هابرماس دیدێکی ناتەواوە ,چونکەڕەخنەتوانای ئەوسەربەخۆبوونەی نییە لەفەلسەفەدا ,بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەخنەگرتنی لەمارکس ڕەخنەیەکە لەبڕوابوونی‌بەفەلسەفەی مارکسەوەهاتووە .,نەك لەڕەتکردنەوەی,ئەوەش لەئەنجامی قبووڵ نەکردنی‌مارکسە وەك ئاینێکی سەرزەوی , بەڵکو ئەومارکس وەك فەیلەسوفێك سەیر دەکات.

هابرماس کاتێ مارکس دەخاتەژێر ڕەخنەوە لەوحەقیقەتە بەئاگایە کەڕێگای ڕزگاربوون بەمارکسەوەبەستراوە , بەڵام ڕوانینی‌بۆمارکسی ناو مێژوو ,ڕوانینێکەجیایەلەوڕوانینەی‌گادامێربۆمێژووهەیەتی ,چونکەگادامێردەیویست لەڕێگەی عەقلانیەتی هیرمنیۆتیکی دەقەمێژوویەکان تەئویل بکات‌ولەناومێژوودا ئەوئاسۆیەی تەئوەیلکاربۆئایندەبخاتەڕوو ,بەڵام هابرماس لەوەلام بەگادامێر ڕەخنەی ئەوەی‌لێ گرت کەمێژووتوانای کرانەوەی‌بەسەرئێستاوئایندەنییەوهات لەپرۆژەی‌مۆدێرنیتی‌تەئویلی ناو نا)عەقلانیەتی‌بەردەوامبوون(کەمەبەستی‌شوێن گرتنەوەی‌تیۆرییە هیرمنیۆتیکیە کەی گادامێربوو ,ئەوەش وای

کرد هیرمنیۆتیکای ڕەخنەیی لای هابرماس ببێتەوە بەشێك لەناو پڕۆژەی مۆدێرنیتی.

پەراوێزوسەرچاوەکان


(1)خگاب التأویل ,خگاب الحقیقه/عمرمهیبل

مجله)نزوی(العدد(22)

(2)الفلسفه الهرمنیوگیقیه لدی غادامیر/دیفید کوزنز هوی

ترجمه :خالده حامد ,الپقافه الاجنبیه ,العدد(2)ص14

(3)ئەوجیاوازیەی‌گادامێرلەماخرجیاوازبوونی بنەماکانی پرۆسەی تەئویل نییە , بەڵکوتێڕامان‌وڕۆچوونی‌زیاتری‌ئەوئاراستانەیەبۆتێگەیشتن ,ئەوەلەکاتێکدائەوزمانەوانی‌فەرامۆش ناکات , بەڵکوبەدیدێکی‌ترسەیری‌دەکات ,وەك چۆن لەبڕی)گریمانەی دەق(و)ڕوانینی نووسەر(دێت قووڵتربونیادی‌دەق تەئویل دەکات ,ئەودووئاراستەیەبە)ئاگایی مێژوویی(و)ئاگایی ئیستاتیکی(دەگەیەنێت ,بەواتای ماخرگریمانەی نێودەق‌وڕوانینی نووسەرلەوگریمانەیەکردبووبەچەقی‌سێنتەرەکە ,بەوەش)ئاگایی(فەرامۆش کردبوو,گادامێر بەگۆڕینی‌ئەوسێ ئاراستەیەجیاوازیەکی‌نوێ بۆتێگەیشتن درووست کرد.

(4)خگاب التأویل ,خگاب الحقیقه

(5)ماوراو الهرمنیوگیقا/دیفید کوزنز هوی

ترجمه :خالده حامد ,الپقافه الاجنبیه,العدد ,2001(4)ص18

(6)خگاب التأویل ,خگاب الحقیقه

(7)القراوەوالتأویل /ایان ماکلین

ترجمه :خالده حامد ,الپقافه الاجنبیه ,العدد ,1999(1)ص10

(8)سێ پرسیار لەگادامێر /جاك دریدا

سەردەم ژمارە(17)ل163

(9)غادامیر ومهمەالژات ڤی الفلسفەالتأویل المعاصر /علی حسن الربیعی

الزمان العدد(296)

(10)الفلسفه الهرمنیوگیقیه لدی غادامیر/ص9

(11)غادامیر والمهمه الژات ڤی الفلسفەالتأویل المعاصر/ص9

(12)الفلسفه الهرمنیوگیقیه لدی غادامیر/ص17

(13)هەمان سەرچاوە/ص13

(14)هەمان سەرچاوە/ص22

(15)من اجل سیمیولوجیاهرمونگیقیه للژات/هیوغ.جی.سلفرمان

ترجمه :فاگمه کاڤم الژهبی ,الگلیعه الادبیه العدد ,1999(2)ص63

(16)ماوراو الهرمنیوگیقا/ص25

(17)خگاب التأویل ,خگاب الحقیقه

(18)بەلای )د.حریری(پەوەتیۆری زانستی‌نوێ سێ‌بابەت لەخۆ دەگرێ ,ئەوانیش)تەکنیکی ,ئەزموونی , ڕزگاری(ن ,کەدیارەهابرماس زیاتر لەسەربابەتی‌سێیەم پێداگری دەکات

(19) هرمنیۆتیکای ڕەخنەیی/دکتۆر حریری ,وەرگێرانی :محەمەد ئەمین عارف ,ئێستا ژمارە ,21ل63